Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.12

# تەکنیک و پێرفۆرمەنسی ئامێری کەمانچە لەموزیکی کوردیدا

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Naif Muhamad Ahmad
nayfe.ahmed@su.edu.krd

**نایف محمد ئەحمەد** / وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان/ هەرێمی کوردستان، عێراق

**سیروان محمد مصطفى**/بەشی هونەرەکانی موزیک،کۆلێژی هونەرەجوانەکان،زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED :20 /05/2025
ACCEPTED :06/07/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە شیکارییەکی ورد بۆ تەکنیک و پێرفۆرمەنسی ئامێری کەمانچە بکەین لەموزیکی کوردیدا. بەپشت بەستن بەکۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز بەوردی لەسەر مێژووی ئامێری کەمانچە وەستاوین لەلایەن ئەو نەتەوانەی کە ئەم ئامێرە بەکاردێنن، هەوڵدراوە زانیاری ورد و دروست سەبارەت بە مێژووی دێرینی ئەو ئامێرە بخەینەروو، بەسوود وەرگرتن لەسەرچاوەکان و دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ وەستا دەسترەنگینەکان، بەوردی ئاماژە بەئەندازە و بەشەکانی ئامێری کەمانچە کراوە. توێژەران لەرێگەی هەڵبژاردن وشیکردنەوەی نموونەیەک هەوڵیانداوە شێوازی تەکنیک و پێرفۆرمەنسی وردی ژەنینی کەمانچە بخەنەروو، بەتایبەت تەکنیکە کانی کەوان و پەنجە، میلۆدی و ریتمەکان، داینەمیک و جوانکارییەکان، کە تەنیا لەرێگەی ئەو هەنگاوە زانستیانەوە بەسەرەداوی تێگەیشتن و خستنە رووی ئەو جیاوازیانەوە دەگەین لەشێوازی پێرفۆرمەنسی کردن و تواناکانی ئامێری کەمانچە لەناو کایەی موزیکی کوردیدا. هەموو ئەمانەش بەیەکەوە کاریگەریان دەبێت بۆ فۆرم وستراکچەری موزیکی کوردی و پاراستن و گەشەپێدانی میراتی موزیکی کوردی. بەگشتی ئامانج لەم توێژینەوەیە: نیشاندان و خستنەرووی تایبەتمەندیی و توانا تەکنیکییەکانی ئامێری کەمانچە و پێشکەشکردنی زانیاری پربایەخە لەسەر یەکێک لە گرنگترین ئامێرەکانی موزیکی کوردی، بە شێوەیەک ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ موزیکژەنان، توێژەران و ئەوانەی خولیاو ئارەزوی زانست و زانیارین لەسەر ئامێرەکانی موزیکی کوردی بەگشتی.دواجار ئەو هەولەمان ببێتە دەستپێکێکی زانستی لەپێناو پاراستنی ئەم میراتە هونەرییە وگەشەپێدانی لەچوار چێوەیەکی زانستی هاوچەرخدا.

**وشە سەرەکییەکان:**
تەکنیک،
پێرفۆرمەنس،
کەمانچە،
موزیکی کوردی.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

موزیکی کوردی، وەک بەشێکی گرنگ لە کولتوری گەلی کورد، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و زمانی موزیکی تایبەت بە خۆیەتی کە لە ماوەی چەندین سەدە پەرەی سەندووە و گەشەی کردووە. لەم نێوەندەدا، ئامێری کەمانچە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی موزیکی کوردی و بەرجەستەکردنی هەست و سۆزی نەتەوەییمان، ئامێری کەمانچە خاوەنی شێوازێکی تایبەت و دەنگێکی تایبەتمەندە کە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بە شێوازی جیاواز بەکارهێنراوە. تەکنیک و شێوازەکانی ژەنینی ئەم ئامێرە بەپێی ناوچە جیاوازەکان و مێژووی پەرەسەندنی دەگۆڕێن، بەڵام سەرەڕای ئەو جیاوازییانە، هێشتا کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەش هەن کە پێکەوە پێناسەی "شێوازی کوردی" لە ژەنینی کەمانچەدا دەکەن. لەبەرئەوەی زانستی ئامێرناسی (Organology)* بابەتێکی هەستیار و گرنگە لەچوارچێوەی مۆزیکۆلۆجیدا، بەتایبەتیش بۆ ناساندنی زانستیانەی ئامێرەکان بەگشتی و ئامێرە ڕۆژهەڵاتییەکان بەتایبەتی، لەناویاندا ئەو ئامرانەی لە موزیکی کوردیدا مێژوویەکی کۆنیان هەیە و تاکو ئەمڕۆش لە ڕووبەرێکی بەرفراواندا بەکاردەهێندرێت. "لێکۆڵینەوە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن ئامێرە موزیکییە جۆراوجورەکان لەمیزۆپۆتامیا بوونیان هەبووە، بەڵام بەشێکی زۆر لەم ئامێرانە ون بوون و فەوتاون و لەبیرکراون، ڕەنگە شەڕ و ڕووداوە سیاسییەکان، بەدرێژایی سەردەمە جیا جیاکان هۆکاری ئەمە بن" (علوان، ٢٠١٣) دیارە هەر ئامێرێکی موزیکیی هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆیەتی، یەکێک لەئامێرە کەوانییەکان ئامێری کەمانچەیە کە لەکۆمەڵێک سەرچاوەی مێژوویی و موزیکی ناوچەکەدا ئاماژەی پێکراوەو بەشداریەکی بەرچاوی هەبووە لەدیاریکردن و نەخشاندنی مۆرکی دەنگیی و شێوازی تەکنیک و پێرفۆرمەنسی موزیکیدا.

بەکارهێنانی ئەو هەموو جۆرە ئامێرانە لەرێرەوی مێژووی موزیکی کوردیدا بوونەتە هۆکاری درووست بوونی هەمەجۆریی و هەمەڕەنگی و هاتنەکایەوەی مۆرک و شێوازی هەمەچەشن، دواجاریش (تەکنیک، ژەنین، پێرفۆرمەنسی جیاواز و تایبەت) دێنێتەکایەوە. هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار، لەناویاندا هەمەڕەنگی لە پێکهاتەی تۆبۆگرافی کۆمەڵگەی کوردی و دابەشبوونی بەسەر بن زار و شێوەزاری جیا جیا، جوگرافیای هەمەچەشن و نزیکایەتی و کاریگەربوون بە کلتور و فەرهەنگی میللەتانی عەرەب و تورک و فارس کەجوگرافیاو مێژوێکی دوور بەیەکمان دەبەستێتەوە.

ئامێری کەمانچە خاوەنی کۆمەڵێک تەکنیکی وەک یەک و جیاوازە، هەر وەک زۆربەی ئامێرە ژێدارەکانی دیکەی وەک: کەمان و چەلۆ و ڤیۆلا، لەبەر هەموو ئەمانە توێژەران پێیان وایە یەکێک لەکارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەویە ساخکردنەوە و خستنەرووی تەکنیک و پێرفۆرمەنس دەبێت، وەک لەدارشتنی ناونیشانی توێژینەوەکەدا هاتووە ( تەکنیک و پێرفۆرمەنسی ئامێری کەمانچە لەموزیکی کوردیدا ) .

## ١. چوارچێوەی گشتی و ڕێبازی توێژینەوە

### ١.١.گرفتی توێژینەوە:

لە سەردەمی ئەمڕۆدا لەسەر ئاستی تاک ژەنین و لەناو گرووپ و کارە بەرهەم هاتووەکان، بەم ئامێرە تەکنیک و شێوازی تایبەت و هەمەجۆر لەناو موزیکی کوردی بەدیدەکرێت، بەدیاریکراویش لەدوای کرانەوەی کوردستان بەسەر کولتورە جیاوازەکانی جیهانیی و کاریگەرییەکانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و بەجیهانیبوون لەدەیەی کۆتاتی سەدەی بیست

---

* ئۆرگانۆلۆژی لە یۆنانی کۆن ( ئۆرگانۆن- organon ) بە واتای ئامێر و ( logos لۆگۆس) بە واتای لێکۆڵینەوەیە لە مێژووی ئەو ئامێرانەی کە لە کولتوورە جیاوازەکاندا بەکاردەهێنرێن، لایەنە تەکنیکییەکان و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەنگ و پۆلێنکردنی ئامێرە موزیکییەکان. زانستی ئامێر ناسی (Organology): ئۆرگانۆلۆژی بریتییە لە دیسپیلینێکی موزیکزانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و باسکردنی ئامێرە موزیکییەکان. لەو کاتەوەی کە لەلایەن کۆرت زاکسەوە دامەزاوە، سوودی لە تەکنیکی زانستەکانی فیزیاو ئێتنۆلۆژی و بەپلەی یەکەم لە مێژووی هونەروەرگرتووە " ( https://www.simpk.de/en/research/research - areas/organology.html ) .

و نیوەی یەکەمی سەدەی بیست ویەکدا. هەموو ئەمانە بەیەکەوە کۆمەڵێک هۆکار بوون بۆ ئەوەی توێژەران کێشەی توێژینەوەکە بەم دوو پرسیارە بخەنە روو:

1- ئایا تەکنیک لە ژەنینی ئامێری کەمانچە و موزیکی کوردیدا بەکارهاتووە ؟

2- ئایا تایبەتمەندییەکانی ئەو تەکنیک و پێرفۆرمەنسە، لەناو موزیکی کوردی و کارە هونەرییەکاندا رەنگیداوەتەوە؟

## ٢.١. گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خالانەی خوارەوە دایە:

1- خستنە رووی پێگە و رۆڵی ئامیری کەمانچە لەرووی تەکنیک و شێوازەکانی پێرفۆرمەنس لەموزیکی کوردیدا.

2- دیار خستنی مێژووی دێرینی ئامێری کەمانچە لەرەوتی کولتوریی موزیکی کوردیدا.

3- لێکۆڵینەوە لەو تەکنیک و پێرفۆرمەنسانەی هاوکار و بەشدارن، لە پەرەپێدانی زانیارییەکان بۆ ئەکادیمیەکان و موزیکژەنان سەبارەت بە ئامێری کەمانچە.

## ٣.١. ئامانجی توێژینەوە:

ساخکردنەوە و خستنەرووی تەکنیک و پێرفۆرمەنسی ئامێری کەمانچەیە لە موزیکی کوردیدا.

## ٤.١. سنووری توێژینەوە:

سنووری شوێن: رۆژهەلاتی کوردستان

سنووری کات: لەنێوان سالآنی ( ١٩٩٠ – ١٩٩١)

سنووری بابەت: تەکنیک و پێرفۆرمەنسی ئامێری کەمانچەیە لە موزیکی کوردیدا،( جوولەی یەکەمی بەرتەراکی سپیدە، گەزەنگی بەر بەیان )ی کەمانچەژەن ئەردەشێر کامکار.

## ٥.١.میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە:

بۆ گەیشتن بە ئامانج و پێداویستییەکانی توێژینەوە، توێژەران میتۆدی وەسفی (شیکاری ناوەرۆک) پەیرەو دەکەن، لە شیکردنەوەی نموونەی هەڵبژێردراودا، کە ئەمەش شیکردنەوەی پێکهاتە و روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی دەگرێتەوە. پاشان چاودێریکردنی پێداویستییە رێکارەکان توێژینەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکە، لە رێگەی توێژینەوەی موزیکییەوە بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکان کە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە بگونجێت.

## ١.٦. کۆمەڵگەی توێژینەوە:

یەکێک لەو دانراوە موزیکییانەی کە ئامێری کەمانچە رۆڵی دیار و کاریگەری تێدا دەبینێت لە دانراوە موزیکییە ئۆرکسترایییەکان بۆ بەرجەستەکردنی بەشێکی زۆری پێرفۆرمەنس وردەکارییەکانی رێرەوی میلۆدی.

## ١.٧. نموونەی توێژینەوە:

توێژەران بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە بە شێوەیەکی مەبەستدار بەرهەمی (بەر تەراکی سپیدە – گەزەنگی بەربەیانی (ئەردەشێر کامکار) یان هەڵبژاردووە، لە شیکردنەوەی میلۆدییەکەدا تیشک دەخرێتە سەر شێوازی پێرفۆرمەنسی تەکنیکە بەکارهاتووەکان و هەریەک لە بابەتەکانی: تۆنالیتە، ریتمەکان ، تێمەکانی میلۆدی، دەنگەواری میلۆدی، تەکنیکەکانی کەوان، داینەمیکەکان، جوانکارییەکان .

## ١.٨. شیکاری نمونەیی:

پێکهاتووە لە یەک جۆری میلۆدی بە تەواوی وردەکارییەکانییەوە.

### ١.٩. پێناسەی چەمکەکان:

#### ١.٩.١. تەکنیک Technique:

لەرووی زمانەوانییەوە : "تەکنیک Technique، شێوازێکە بۆ ئەنجامدانی چالاکیەک کە پێویستی بە لێهاتوویی هەیە. شێوازێکە بۆ ئەنجامدانی هەر شتێک کە پلانداناں لەخۆبگرێت. ئێمە تەکنیکێکی نوێمان بۆ دیاریکردنی هەڵەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا پەرەپێداوە. ئەو سەماکارێکی داهێنەرانە و سەرسوڕهێنەرە بەڵام تەکنیکی دورستی ئەکتەرییکی گەورەی نییە. یۆگا تەکنیکێکی زۆر کاریگەرە بۆ بەرەنگاربوونەوەی فشاری دەروونی"( https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/technique ).

لەرووی زاراوەییەوە : " تەکنیک بریتییە لە کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون و پێرفۆرمەنسی دروست لەسەر ئامێرێکی موزیکی، یاخود ڕاهێنانی بەردەوامی پەنجەکانی دەستە،کە فێرخواز ڕۆژانە بە عەقڵێکی هۆشیار و تەرکیزێکی تە واوەوە لەسە ئامێرەکە ئەنجامی دەدات، بەمەبە ستی بەدەستهێنانی نەرمی و لێهاتوویی وخووی ماسولکەیی و دەروونی، ئەم کردەیەش ڕۆژانە لەنائاگاییدا هەڵدەگیرێن تا وایلێدێت دەبن بە دۆخێکی ئاسایی و سروشتی "(حسن، ١٩٩٧، ل ٣١٩).

#### توێژەران لەڕووی ڕێکارەوە بەم شێوەیە پێناسەی تەکنیک دەکەن:

بەواتای چڕکردنەوە و بەکارهێنانی هەموو جۆرە کارەمەیی و لێزانیەکی ژەنیار،لەپێناو پێرفۆڕمەنسی گشت وردەکاری وجوانکارییەک لەپرۆسەی بەرهەمهینان و بەجێهێنانی کارێکی موزیکیدا.

#### ١.١٠.١. (پێرفۆڕمەنس) performance :

لەرووی زمانەوانییەوە : "بەشێک لە فەرهەنگە کوردییەکان بەم شێوەیە ئاماژەیان بە مانای وشەی بەجێهێنان کردووە : بەجێهێنان بەمانای بەدیهێنان ، هێنانەدی" ( ناجی،٢٠١٠، ل ٤٥ ).

لەرووی زاراوەییەوە: "لەبازرگانی و وەرزش و سێکسدا، (پێرفۆڕمەنس) بریتییە لە ئەنجامدانی شتێک بەپێی پێوەرێکی دیاریکراو، بۆ دەرچوون وبەدەسهێنانی سەرکەوتن. لەهونەردا(پێرفۆڕمەنس) بریتییە لەبەرێوەچوونی نمایشێک، شانۆگەرییەک، سەمایەک، کۆنسێرتێک. لە ژیانی ڕۆژانەدا، هەروەها بریتییە لەخۆ نمایشکردن و شانازیکردنی یەکجار زۆر لەپێناو دووپات کردنەوەی کردارێک بۆ ئەوانەی سەیر دەکەن. لەسەدەی بیست و یەکدا، مرۆڤەکان وەک پێشووتر بەرێگەی نمایشەوە دەژین. لەلایەکی دیکەوە دەتوانرێت پەیوەست بە هەریەک لە: (بوون، کردار، نمایشکردن) لە پێرفۆڕمەنس بگەین" (Schechner, 2017, P22)، پێش هەموو شتێک دەتوانین بڵێین موزیک چالاکییە و بوونیشی تەنیا لە پێرفۆڕمەنسدایە"(Swinkin, 2016, P9 ).

#### توێژەران لەڕووی ڕێکارەوە بەم شێوەیە پێناسەی پێرفۆڕمەنس دەکەن:

پێرفۆڕمەنس و ئادا کردنێکی تۆکمە و بەرزی کارێکی موزیکی( A Good Performance)بەمانای بەکارهێنان و وەگەڕخستنی ترۆپکی توانا ولێهاتوویی ژەنیار لەباری تەکنیک و وردەکارییەکانی جوانکارییەوە،ڕەنگدانەوە و هەستپێکردنی لەکرداری گەیاندن و پێرفۆڕمەنسی موزیکیدا.

#### ١.١١.١. کەمانچە kamancha:

لەرووی زمانەوانییەوە: "کەمانچە، کەمانژە وشەیەکی لێکدراوی کوردییە پێکهاتووە لەکەوان کەشوولێکی چەمیووی هەردووسەر بەستراوە بە لیژنە پاڵێک یاخود کلکە مووی گیاندارێکی وەک ئەسپ ... هتد "(قەرەداغی، ٢٠١٠، ل ٢٥٧). لەرووی زاراوەییەوە: "کەمانچە ئامێرێکی خێزانە ژێدارەکانە، بەپێی سەچاوە گرنگ و باوەڕپێکراوەکان ئامێرێکی بەڕەچەڵەک کوردییە. لەشەکەی دارەو، کێسی هارمۆنی (واتە کاسەی دەنگ) بە پێست داپۆشراوە، ریشەی کەوانەکەی مووی کلکی ئەسپە و ژێکانی مێتاڵن"( یاسین، ٢٠١٨، ل٥٣).

**توێژەران لەڕووی ڕێکارەوە بەم شێوەیە پێناسەی ئامێری کەمانچە دەکەن:**

ئامێری کەمانچە بەیەکێک لەئامێرە موزیکییە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی هەژمار دەکرێت و وەک زۆربەی ئامێرە موزییکیە کۆنەکان لەرێرەوی مێژووی پیشە سازی دروستکردن و بەکار هێنانیەوە بە قۆناغی جیاجیا تێپەڕیوە، لەو سەردەمەی ئەمڕۆشدا ئەو ئامێرە موزیکییە وەک بەشێک لەسامانی فەرهەنگ و کولتور ئامێرە موزیکییەکان دەبێنێت کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان بەکار دەهێندرێت.

### ١.١٢.١. موزیکی کوردی Kurdish music:

لەرووی زمانەوانییەوە: "موزیک وشەیەکی یۆنانییە، لە وشەی( مۆسا _موزا) وە هەڵەینجراوە، کە واتای (ئیلهام بەخش ) دێت. بەگشتی هونەر لای یونانییەکان پیرۆزە، چونکە هونەر بۆ خوداوەندەکان دەگەڕێننەوە، هەموو شتێکی پەیوەستیش بە هونەرە جوانەکان لای یونانییەکان بە موزیک ناوزەندکراوە.واتە هەوێنی لە دایکبونی سەرجەم هونەرەکانە" ( الحلو، ١٩٧٤، ل١٣ ). "لەبنەچەدا وشەیەکی یۆنانییە بە مانای هونەرە جوانەکان هاتووە، بەڵام لە دواییدا بە زمانی ساز و میلۆدی وتراوە، دەتوانین بڵێین هونەرە و زانستە و زمانە، بەشێکی گرنگی هونەرە جوانەکانە" ( رەئوف، ١٩٨٩، ل٦).

لەرووی زاراوەییەوە: "موزیکی کوردی حاڵەتێکی تایبەت و جیاوازی هەیە، لەوانە میلۆدیی سروشتی. هاوشێوەی پەیژەی مینۆر و ڕیتمە دینامیکی و میلۆدییەکانی تژی لە جۆش و خرۆشن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پرۆسەی خستنەکاری موزیک وگۆرانی کوردی وەک میتۆدێکی کرداری وتەنانەت وەک تیۆرێکی دیاریکراویش، کە ئاسان بۆ ئەوانی تر فەراهەمی بکەن نەسەلمێنراوە، بۆیە دەکرێت موزیکی کوردی بە یەکێک لە کلتورە سەرەکییەکانی موزیک، لە نێوان سیما ئاسیایی و ئەوروپییەکان لەبەرچاو بگیرێ و خوێندنەوەی وردی بۆ بکرێ" (ئایاکۆ ١٩٨٩،ل ١٥٩). "موزیکی کوردی وەرگیراوە لەکەلەپوورو داب و نەریتی نەتەوەی کورد لەرەوتی مێژوودا کەلە کۆنەوە سینگ بەسینگ گەیشۆتە دەستی ئێمەو بەوێنەی خەزێنەیەکی بە نرخ لەناو دلی ئەو نەتەوەیەدا پارێزراوە و تاکوو سەردەمی ئێستا رەچەلەکی خۆی پاراستووە. موزیکی کوردی وەک رشتە مورواریییەک وایە دەسکەوتی هەوڵ و تەقەلای هونەرمەندانی بیرمەند و خاوەن هەستە"(فقیەزادە، ٢٠٢٠، ل٨).

**توێژەران لەڕووی ڕێکارەوە بەم شێوەیە پێناسەی موزیکی کوردی دەکەن:**

موزیکی کوردی کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی پاشخانی مێژووی کولتورێکی هەزاران ساڵەی جوگرافیا و میللەتێکی زیندووی خاوەن زمان و کولتورێکی جیاواز، لەپاڵ ساغبوونەوەی ئەو سامان و میراتە زۆر و هەمەڕەنگەی پێکهاتەکانی موزیکەکەی کەلە (میلۆدی، ڕیتم، هارمۆنی، مۆرک، ڕەنگی موزیکی و سەربەخۆدا) رەنگیانداوەتەوە. دەتواندرێت لەڕێگەی پشتبەستن بەتوێژینەوە زانستییەکان بەکۆمەڵێک پرەنسیپی زانستنی وەک (موزیکۆلۆجی، ئیتنۆمۆزیکۆلۆجیی)، لەئایندە شوناس و تایبەتمەندییەکانی موزیکی کوردی وەک چەمکێکی زانستی و هونەری سەربەخۆ پێناسە بکرێت و بناسێندرێت.

## ٢. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە:

**یەکەم: چوارچێوەی تیۆری**

**دووەم: چوارچێوەی شیکاری پراکتیزەیی**


**یەکەم: چوارچێوەی تیۆری**

### ٢.١. مێژووی ئامێری کەمانچە:

کارکردن لەسەر چەمکە جیاجیاکانی ئامێرەکانی موزیکی هەر کولتوورێک زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی جیهانێکی نهێنی و نەبینراوی ناوەوەی موزیکی ئەو کولتوورەمان پیشان ئەدات. هەروەها وەک توێژە و موزیکارێک چۆن دەتوانین سەرسام

نەبین بەو هەموو ژیانە شاراوانەی لەپشت هەر ئامێرێکی موزیکەوەن؟ پێکهاتەی سەرچاوەی بەردەوامین بۆ سەرسوڕهێنان بەستنەوەی مێژوویەکی دورودرێژە بەیەکەوە و داپۆشراو و بەستراوەن بەژیانی کۆمەلایەتی کولتووریەکەوە داهێنانێکي مرۆڤە، سەرەتا بۆ لاساییکردنەوەی دەنگەکانی ناوسروشت و پاشان بۆ دەرخستن و بزواندنی هەستەکانی مرۆڤ خۆی سوودی لێوەردەگرێت. بۆیە ئامێرە موزیکییەکان بەتەنیا کەرە ستەیەکی ساکارنین بۆبەرهەمهێنانی دەنگ بەلکوهەر پارچەیەکی داپۆشراوەو هەلگری کۆمەلێک سەمبۆڵی هەمەجۆرەن،کەدەچنە دەرەوەی چوار چێوەی بوارە موزیکییە کانەوە( یاسین، ٢٠١٨ ، ل٧)، هەوڵدەدەین لەکۆمەلێک سەرچاوەی جیاوازەوە مێژووی ئامێری(کەمانچەKamancha )بخینە روو. شایانی وتنە بەپێی سەرچاوەکان هەر یەکێک لەو میللەتانە (کورد، فارس، تورک عەرەب، ئەرمەن و ئازەری) چیرۆکی تایبەت بەخۆیان هەیە لەگێرانەوەی ئەو مێژووەدا، "لەفەرهەنگی لغتنامەدا باس لەوە کراوە کە ڕەباب بە عەرەبی بۆ (زاوادە) بە واتای گۆرانی خەمناک دێت....لەکتێبی (وشەی فارسی بە زمانی عەرەبی)کە محمد عەلی ئیمام شوشتەری کۆی کردۆتەوە،هاتووە کە ڕەباب لەفارسییەوە چووەتە ناوزمانی عەرەبی. ئەبو نەسر ئەلفارەبی، ئەلموسیقین الکبیر، قاهیرە: (١٩٦٧، ل٨٠٠) تێبینی ڕاستکراوە. کەوان لەبنەڕەتدا (خمان)بووە، چونکە ئەو ئامێرەی کە بۆ لێدانی کەوان بەکاردەهێنرا لە شێوەی کەوانێکدا بووە، کەمێک چەمانەوەی هەبووە و وشەی (خمان) بە تێپەڕبوونی کات بووە بەکەوان. لە فەرهەنگە فارسییەکاندا، گوز بەواتای گوێزی هیندی دێت، دواتر عەرەبەکان پێیان دەگوت (جۆز) ئەم وشەیە تا ئێستاش لەزمانی فارسیدا باوە. بەم ڕوونکردنەوانە ڕوونە کەلەبەرئەوەی قاپی دەنگی کەوانە گوێزەکە بەگوێزی هیندی دروست دەکرێت، مانای بەگوێزی هیندی دێت. ئەم ئامێرە پێی دەوترێت کەوانەگوز. نووسەرخاوەنی یەکێک لەو کەمانچە زۆر کۆنانەیە کە لەگوێزی هیندی دروستکراوە"(اذرسینا، ٢٠٠٧، ل١٦)، لەحەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو باسی ئامێری (رەبابە،کەمنجە)یان کردووە. شایانی وتنە لەناوجیهانی عەرەبیدا تەنیا لەعێراق ئامێری (کەمانچە) لەچوارچێوەی هاوشانیکردنی گروپی مەقام خوێنەکانی چالغی بەغدادی بەکاردەهێندرێت، پێی دەڵێن (جۆزە)، "عەرەبەکان وشەی (رەباب)یان بۆئاماژەکردن بەچەندین جۆر لەئامێری ژێداری کەوانیی بەکارهێناوە، هەروەک چۆن وشەی (کەمانجە)یان بۆ ئامێرە ژێدارە کەوانەییەکان بەکارهێناوە"( رشید، ١٩٧٥ ، ل٢٢٥ )، "فرەچەشنی لە شێوەی سندوقی دەنگی ئامێرێکی ژێدار، چ لاکێشەیی، یان چوارگۆشە، یان بازنەیی بێت، نایکات بە ئامێرێکی دیکەی جیاواز، هەرچەند ناوەکەشی لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی دیکە جیاواز بێت، هەروەک وەک ئامێری ڕەباب وکەنارە"(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥).






وێنەی ژمارە(٢)

لەسەرچاوەیەکی ئەرمەنی بەم شێوەیە باس لە ئامێری کەمانچە کراوە: "لە سەدەی نۆزدەهەم موزیکڤان وئامیرژەنەکان لەریگەی هونەرەکەیانەوە لەنیوان سنوورەکانی نێوان ئەرمینیا و جۆرجیاو ئێران و ئازەربایجان و، هەندێک ولاتی دیکەی رۆژهەلاتی ناوین بلاو ببونەوە، ئامێری کەمانچە یەکێک لەئامێرە میلییە خوازراوەکانی گۆرانیبێژان بوو لەو سەردەمە ،کە لەسێ ژێ پێکهاتبوو" (MADILIAN, 2022, P20)، جگە لەمانەی پێشوو، لە کۆمەلێک سەرچاوەی جۆراوجۆر ئاماژە بە ئامێری کەمانچە کراوە:

**یەکەم:** "کارمانگا Kermangeh ئامێرێکی دیکەی کەوانەییە، لە نێو گەلانی ئیسلام بەکاردێت. بەزۆری سێ ژێی هەیە


کە لەڕیخۆڵە دروستکراون، لە تەنیشت پردەکەوە دوو کونە دەنگی هەیە.( کانانگا Kennang) کەبەچەندین قەبارە دروست دەکرێت، وەک خێزانی کەمانی ڕۆژئاوایی،گەورەکانیان لەسەر ئاسن دادەندرێن "(STAINER, 1889, P448 ).




وێنەی ژمارە(٣)

**دووەم:** دوو وێنەلەکتێب وگەشتنامەکەی (پاوڵ مۆلەر)لەقەوقازەوە تادەگاتە دەریای فارس، لەرێگەی ئەرمینیا کوردستان و میزۆپۆتامیا. وەک دیکۆمینت وسەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پشتڕاستکردنەوەی مێژووی دێرین وکۆنی ئامێری (کەمانچە) لەکوردستان. لەژێر وێنەی یەکەم نووسراوە (کیامانشاکان لە باشوری کوردستان) لەژێر وێنەی دووەم نووسراوە (کەمانچەی کوردی )(Müller, 1897, P311 ).




وێنەی ژمارە(٤) کیامنتشاکان لەباشوری کوردستان

**سێیەم:** "ماوەیەکی زۆرە هۆزە کوردەکانی کرمانج لەباکووری خوراسان دەژین.گرنگترین و کۆنترین موزیکژەنەکانی ئێلاتە کۆچەرییەکان لە دەوروبەری باکووری خوراسان ئاشقەکانن، کەئامێرەکانی وەک زورنا و تەپڵ و کەمانچە و هەندێکجاریش دەف و بلوێری قامیش دەژەنن .. ... کەمانچەژەنەکانی خوراسانی باکوور زۆرجاربەی جاران ئاشنایەتیان لەگەڵ یەک یان دوو ئامێری موزیکی دیکە هەیە"(علی، ٢٠١٨، ل٣٨٧)، توێژەران پێیان وایە لە مامەلەکردن لەگەڵ ئامێری کەمانچەدا چەند خالێکی هاوبەش هەیە لەنێوان باکوور و رۆژئاواو دەڤەری بادینانی پارێزگای دهۆک و دەوروبەری لەگەڵ رۆژهەلاتی کوردستان بەگشتی و ناوچەی لەک ولوڕنشینانی کورد بەتایبەتی :

١- کوردان بەگشتی ئامێری کەمانچە لەشێوازی جیاجیای فۆرمە ئازادەکانی چڕین بەکار دێنن، لەرێورەسمە کۆمەلایەتییەکان ودانیشتنەکانی دیوەخان وگێڕانەوەی چیرۆک و داستانەکان.

٢- لەهەموو بەشەکانی کوردستان ئامێری کەمانچە بەچڕی بۆ میلۆدی و میلۆدییە خێراکانی گەڕی دیلان و گۆڤەندو هەڵپەڕکێکان بەکاردێت بەهاوشانی لەگەڵ ئامێرەکانی کوتانی وەک تەپل ، دەف، دەهۆل، ئامێرە رەزمییەکان بەگشتی.

**چوارەم:** لەهەموو کوردستان ئامێری کەمانچە (٣) ژێی هەبووە و تاکو ئەمرۆش لەلای زۆربەی ژەنیار و سترانبێژە میلیەکان ئەو نەریتە وەک خۆی ماوە و پارێزراوە، یەکێک لەوانە (عابید دهۆکی) کە لەباب و باپیرانیەوە فێری ژەنینی

ئامێری کەمانچە بووە، پێی وایە ڕەگ و ریشەی ئەو ئامێرە یەکجار کۆنەو بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە(چاوپێکەوتن لەگەڵ عابید دهۆکی)* .

## ٢-٢ تەکنیک و جۆرەکانی Types of Technique:

لەم تەوەرەدا بەگرینگ و پێویستی دەزانین بەرفراوانتر لەسەر کۆمەڵێک بابەتی وردی تەکنیک بوەستین کە پەیوەندیان بەناوەڕۆکی بابەتی سەرەکی ئامێرە ژێدارە کەوانەییەکانەوە هەیە. ئەو ڕێرەوە مێژووییەی بەکارهێنانی تەکنیکەکان بۆ ئامێرەژێدارەکان هاوشان و هاوتەریب بووە لەگەڵ پێشووەچوونی تواناکانی ژەنیاران و گۆڕانکارییە بەردەوامەکان، لە شیوازی ژەنین لەناو گروپە موزیکییەکان و تاکژەنی ژەنیارانەوە. سەرباری ئەوەی خێزانی ئامێرە ژێدارەکان لەزۆربەی تەکنیکەکانی کەوان و هەردوو دەستی ڕاست و چەپ لەکاتی پێرفۆڕمەنس و ژەنینی ئامێرەکاندا چوون یەک و هاوبەشن، لەبەرئەوەی زۆرترین تەکنیکە بەکارهاتووەکانی ژەنینی ئامێری (کەمانچە)هەر ئەو تەکنیکانە بووە کە بۆ هەردوو دەستی ڕاست و چەپی ژەنیارانی ئامێری ڤیۆلین ئامادەکراوە و ئێستا لەزۆربەی ئەو شوێنانە بەکاردێت کە کەمانچەی لێدەژەندریت. بە لەبەر چاو گرتنی چەند دانە تەکنیک و تایبەتمەندی ورد دواتر لە شوێنی خۆیان باسیان لێوە دەکەین. توێژەران پێیان وایە ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە سەرهەڵدان و پێرەوکردن و گۆڕانکارییەکانی تەکنیکی ئامێرە کەوانییەکان و خودی کەوان، تەنیا مشتێک لەخەرواری  ئەو مێژووە  پڕ لەوردەکاریی وزەنگینەیە. هەر بۆیەش بەپێی سەرچاوە جیاوازەکان هەندێک جار سەبارەت بەداهێنەرانی ئەوتەکنیکانە بۆچوونی جیاواز دەبینین، بۆنموونە لەسەرچاوەیەکی دیکە هاتووە، "کە (Claudio Monteverdi) لەساڵی (١٦٣٨) یەکەمین جارئەم شێوە تەکنیکەی پیزیکاتۆی بەکارهێناوە"( ئازید،٢٠١٦، ل ١٩٩).


### ٢.١.٢. تەکنیکە سەرەکییەکانی ژەنینی کەمانچە:


### ٢.١.١.٢ کەوان Bow:

بەگەڕانەو بۆسەرچاوەکان، ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە بەکارهێنانی زانستیانەی لایەنی تەکنیکی و وردەکارییەکانی پەیوەست بە ئامرازی (کەوان) لەپرۆسەی ژەنین و بەرهەمهێنانی (تۆن، دەنگ، ڕەنگی دەنگ)، " پەرەسەندنەکانی کەوان لەنێوان  ساڵانی ١٧٤٠ بۆ ١٧٩٠ بووە، کاتێک لە کەوانێکی کورت و ڕەق کەبەردەوام هەڵدەقۆزییەوە، بۆ کەوانێکی درێژ و سووکەلە کەمەیلی ئەوەی هەبوو زیاتربە ژێیەکانەوە بنووسێت،لەکورتەوە بۆ درێژترو، لەئەستووریەوە بۆ نەرم وناسکی زیاترو لەسەرە نووکی نزمەوە بۆ سەری بەرزترهەنگاوی هەڵگرت. دەکرێت گۆڕانکارییەکانی کەوانە لەم چوار قۆناغەدا چڕ بکرێتەوە ئەوانیش:

1- پشت کووڕ، کورت، ڕەق.
2- دووانەی خوار، درێژتر ،بڵند و نەرم و نیان.
3- ناوبۆش، مەودای بەرینتر لە نێوان دار و موودا، درێژتر، بڵند و نەرم .
4- ناوچاڵ و کلۆر، بەرزتر لەئاستی سەر" (Houssay, 2007, P221 ).

* عابید ئەحمەد سالح لەدیک بووی ١٩٧٦ دهۆک. لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٠ دەستیکردووە بە ژەنینی ئامێری کەمانچە.جگە لەئاهەنگە بەردەوامەکانی لەبۆنەکان. وەک ژەنیارو سترانبێژ بەشداری لەکۆمەڵێک چالاکی وفیستڤالی کولتوری کردووە لەدەرەوەی کوردستان . دیمانە لەرێگەی واتسئاپ رێکەوتی  ٢٠٢٥/١/١٧ .



وێنەی ژمارە(١) شێوازە جیاجیاکانی کەوانە بەپێ سەردەمەکان

### ٢.٢.١.٢. تەکنیکی پەنجە:

1- **تەکنیکەکانی دەستی چەپ:** هەر چوار پەنجەی دەستی چەپ لەپرۆسەی کورتکردنەوە و درێژکردنەوەی چوار ژێیەکەدا بەکاردەهێنرێت و تۆن و( میانەintervals)ەکان بەرهەمدەهێنن. لەرێگەی جوولەو دۆخی جۆراو جۆر( پۆزشن- جێوار) ی جیاواز دەتواندرێت نزیک بە (٣٠) سی تۆنی دەنگ بەرهەم بهێنێت، لە دەنگی( سۆل)ەوە تاکو (لا)ی چوارەم. دەشتواندرێت لەیەک کاتدا یەک دەنگ و دوو دەنگ، جاروبار سێ یا چوار دەنگیش بەیەکەوە بەشێوەی ستوونی و گونجانی دەنگ بەرهەم بهێنێت.

2- **تەکنیکەکانی دەستی راست :** ئامێری ڤیۆلین رۆلی گرینگ دەبینێت لەبەکار هێنانی تەکنیکەکانی کەوان و دەستی راست، کەپێی دەگوترێت تەکنیکی کەوان. لەرێگەی ئەو کەوانەوە دەتوانین دەستمان بە دەربڕینی جوان و دیاریکراو بگات. بۆ بەکار هێنانی کەوانە سێ رێگای سەرەکی هەن:

3- راکێشانی درێژ بۆ بەدەستهێنانی دەنگێکی پاکی گۆرانی ئامێز کە زاراوەکەی لێگاتۆیە .

4- راکێشانی کورت کە زاروەکەی مارتلە ستکاتۆیە .

5- بازدانی کەوانە، کە زاراوەکەی سپیکاتۆیە، لەگەڵ ئاربێجیۆ،بەبێ بەکارهێنانی کەوانیش تەنیا بە سەری پەنجە پیتزیکاتۆ.

### ٢.٣.١.٢. دینامیکەکان dynamic :

داینامیک لە وشەی یۆنانی (داینامیس)ە وە هاتووە کە بە واتای دەسەڵات دێت. موزیک دەتوانێت وەک چرپەیەک نەرم بێت، وەک رەشەبایەک بەهێز بێت، یان هەر شێوەک لەو نێوانەدا دەتوانیت بیهێنیتە بەرچاوی خۆت. "دەربڕین شێوازی پێشکەشکردنی پارچە موزیکێکە بە شێوەیەکی دروست، وەک میلۆدی دانەر ئارەزووی دەکات و ژەنیار هەستی پێدەکات، بە بەکارهێنانی دینامیکییەکانی وەک: P ، F، cressendo ، dimiuindo " ( نبیل، ٢٠٢٣، ل١٤)، وەک لە خشتەی ژمارە ( ١ ) هاتووە.


| چەمک وماناکەی | هێمای داینەمیک | رۆڵ وشێوازی بەجێهێنان |
|---|---|---|
| Forte | *f* | بە بەرزی |
| piano | *p* | بە هێمنی – نزمی- نەرمی |
| Fortissimo-Double forte | *ff* | زۆر بە بەرزی |
| Pianissimo-Double piano | *pp* | زۆر بە هێمنی- نەرمی- نزمی |
| Fortississimo | *fff* | زۆر زۆر بە بەرزی |

| | | |
|---|---|---|
| زۆر زۆربەنزمی هێمنی-نەرمی | *ppp* | Pianississimo |
| وردە وردە بەرزبوونەوە- هەڵچون | > | Crescendo |
| وردە وردە نزمبوونەوە- داچوون | < | Decrescendo- or diminuendo |
| کەمێک بەرز | *mf* | Mezo Forte |
| کەمێک نزم- نەرم | *mp* | Mezo Piano |
| بەبەرزی، پاشان بە نزمی | *fp* | Forte piano |
| بە نزمی، پاشان بە بەرزی | *pf* | Piano forte |

### ٢.٤.١.٢. ئەرتیکولەیشن Articulations :

"لەموزیکدا بەو مانایەدێت کەکارەکتەرانی پێرفۆرمەنس نۆتەکان بەنەخشی جیاواز لێبدەن، بۆئەوەی ئەوکاریگەرییە بەدەستبهێنن کەدەیانەوێت.بێژەکردنی دروست ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ جوان وشیرینکردنی نمایشێکی موزیکیی.چونکەجۆراوجۆری وسەرنجراکێشی زیاد دەکات و موزیکدانەران وجێبەجێکاران بێژەکردنی دروست بۆدەربڕینی هەستەکان بەکاردەهێنن وجەخت لەسەرنۆتەو بڕگەتایبەتەکان دەکەنەوەوبەدوای ئەگەری شێوازی فراوانتر دەگەڕێن بۆدەنگی ئامێرە موزیکییەکانیان (Jones, 2022, P50 ). چەند نموونەیەکی بنەڕەتیی نووسین و بێژەکردن و دەربڕینی دروست لە موزیک دەخەینەڕوو:

1- **ستەکاتۆ staccato:** "ستاکاتۆ ئاماژەیە بۆ ئەوەی نۆتەکە بەنیوەی بەهای نۆتە نووسراوەکە دەژەندرێت، ئەوەی تر بێدەنگ دەبێت.ڕەنگە نیشانەکانی ستاکاتۆ لەسەرنۆتەکانی هەربەهایەکی موزیکیی دابندرێت، بەلام بەبێ ئەوەی خودی موزیکەکە خێراتر بێت"( Levy, 2021, P45. ).



نموونەی ژمارە(١)

2- **ستکاتیسمۆ staccatissimo :** "ستاکاتیسیمۆ بەزۆری وا لێکدەدرێتەوە کە کورتترە لەstaccat ستاکاتۆ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بێدەنگییەکی درێژتر دوای نۆتەکە. بەڵام میلۆدی دانەران تا سەردەمی مۆزارت ئەو دوو هێمایەیان بەشێوەیەکی گۆڕاو بەکارهێناوە، ئەمەش وایکردووە مانای نیشانەکەی ناڕوون بێت"(Levy, 2021, P45 ).




نموونەی ژمارە(٢)

3- **سپیکاتۆ spiccato:** سپیکاتۆ لێدان بەشێوەی پچڕ پچڕ بەکەوانێکی هەڵگەڕاوە. یان ژەنین لەڕێگەی مەچەکەوە بەلێدانی چالاک بەکارهێنانی کەوان بەشێوەی پازدان(https://violinspiration.com/spiccato ).



نموونەی ژمارە(٣)

4- مارتیلاتۆ martellato: "ئەم تەکنیکە لەموزیکدا بۆ ئامێرە ژێدارەکان بەکاردێت، مارتێلاتۆ واتە بەچەکوچی،کەوانەکە هەڵدەگیرێت بۆ سەرەوەو بەهێز لەژێیەکە دەدرێت، پاشان دەبێتە تۆنێکی هەستیار"( ئازید، ٢٠١٤، ل ٢٦ ).



نموونەی ژمارە (٤)

5- پیتسیکاتۆ pizzicato : لەهەندێک ولات بەپیتسیکاتۆ دەخوێندرێتەوە،واتە ژەنینی دەنگەکان بەپەنجەی دەستی ڕاست لەبری ژەنین بە کەوانە لەوکاتەدا میلۆدی دانەر لەو شوێنەی کە پێویستە بەو جۆرە بژەندرێ، وشەی pizz ئەنوسێ، بۆ گەڕانەوەو ژەنین بەکەوانە وشەی arco دێت"( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧).




نموونەی ژمارە(٥)

6- ئارپیجیۆ arpeggiare: "ئارپێجیۆ توخمێکی میلۆدی موزیکی ڕۆژئاوایی بووە لەسەردەمی بەکارهێنانی ژێیەکانەوە، دەتوانرێت لە هەموو جۆرە ژانر وفۆرمەکانی گۆرانیدا بدۆزرێتەوە. پێناسەی ئارپێجیۆ بە بەراورد لەگەڵ وەرگێڕانی لە وشەی ئیتاڵی arpeggiare ، تاڕادەیەک سەرسوڕهێنەرە بە واتای ژەنینی ئامێری چەنگ" دێت، بەڵام شێوازی پێرفۆڕمەنسی چەنگ ئەو سەرلێشێواوییە ڕوون دەکاتەوە. زۆرجار ژەنیارانی چەنگ بەپەنجەکانیان کۆمەڵێک ژێ بەتاک تاک،بەشێوەی ئارپێجی دەچنن بۆپڕکردنەوەی هارمۆنی وگونجانی میلۆدییەکانیان"( https://study.com/academy/lesson/arpeggio).

7- نەخش و جوانکارییەکان ornaments: "جوانکاری یان دیکۆراتی میلۆدی، تۆنی ڕازاوە کەهەمەچەشنی زیاتر وجوانی ورەنگینیی بەکارە موزیکییەکان دەبەخشێت یان بەشێوەیەکی بچووک دەنووسرێن یان وەک نیشانە یان هێمای تایبەت کە لە پێش، یا لەدواوە، یان لەسەرووی دەنگە سەرەکییەکانەوە دانراون و دەنووسرێن. جوانکاری و ڕازاندنەوەی میلۆدییەکان چەند جۆرێکن : ئەپۆچەتورە، ئەچاکەتوورە، مۆردێنتێ، گرۆپێتۆ، ترێڵ..."( بیومی، ١٩٩٢، ل ٣٠٥).



نموونەی ژمارە(٦)

8- ئەپۆچەتورە appoggiatura: "زاراوەیەکی ئیتالییە بەواتای پاڵدانەوە دێت، ئینگلیزەکان وەکو(ئەپۆجەتور) بێژەوی دەکەن. نۆتەیەکی بچووکە لەپێش نۆتە سەرەکییەکە دادەندرێت ولەکاتی ژەنیندا نیوەی کاتی نۆتە سەرەکییەکە بۆخۆی دەبات، ئەگەر ئەپۆچەتورە لەسەرەوەی نۆتە سەرەکییەکە بێت کاریگەرییەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەبێت، ئەگەر لەخوارەوەی نۆتە سەرەکییە بێت، کاریگەریەکە لەخوارەوە بۆ بۆسەرەوە دەبێت"( ئازید، ٢٠١٦، ل ١٨٧).




نموونەی ژمارە(٧)

9- **ئەچاکەتوورە accaturaacci:** وشەکە لە ئیتالییەوە هاتووە،بەواتای شکاندن یاخود پارچەکردن دێت، هەندێ جار ئەچاکەتوورەی کوورتی پێ دەڵێن.نۆتەیەکە لەپێش نۆتە سەرەکییەکەوە دێت،بەرێژەی خایاندنێکی نۆتەیەکی زۆر کوورت دەژەندرێت ".




نموونەی ژمارە (٨)

10- **مۆردینت moerdente :** کاری مۆردێنتی لەنۆتەی تەنیشتی دەستپێدەکات وبەخێرایی دەگەڕێتەوە نۆتەی سەرەکی، بەزیادکردنی هێلێکی بچووک لەناوقەدی هێماکە هێماکە مۆردێنتی سەرو لە خوارو جیا دەکرێتەوە ( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨).



نموونەی ژمارە(٩)

11- **ترێل trill :** هێمای (tr) لە سەرووی نۆتەکەوە دەنووسرێت." بۆ ژەنینی جونکارییەکان، هێز دەخرێتە سەر نۆتەی سەرەکی و بە خێرایی نۆتەی بەرزتر دەژەندرێت ، بۆ نموونە ئەگەرویستمان لەسەر ژێی (D) ڤایۆلین نەخشی جوانکاری tr بۆ دەنگی ( G) بکەین، بە پەنجەی دووەم جەخت لەسەر دەنگی F#، دەکەینەوەوبە خێرایی پەنجەی سێیەم G لێبدەین، ئەمەش وا دەکات نەخش و جوانکارییەکان وەکو جریوە و باڵەفرەی باڵندە دەرکەوێت. دەتوانین بە هێواشی دەست پێ بکەین و پاشان وردە وردە لێدانەکەمان خێراتربکەین لەسەر دەنگی بەرزتر" ( https://meadowlarkviolin.com/violinblog ).



نموونەی ژمارە(١٠)

### ٣.٢ پێرفۆرمەنس Performance – Interpretation :

ژەنیار، ئامێری موزیک، بەرهەمی ئامادەکراو، شوێن و ژینگەی نمایش، هەموو بەیەکەوە کەرەستەی سەرەکی و راستەوخۆی پێکهێنانی پرۆسەی پێرفۆرمەنسن. بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان تەنیا مێژووی یەک رەهەندی پێرفۆرمەنس نابیندرێت، لەبەرئەوەی بابەتی پێرفۆرمەنس لەبنچینەدا بابەتێکی فرە رەهەندە تەنیا بە خستنە رووی مێژووەکەی زانیاری و شتگەلێکی ئەوتۆمان وەچەنگ ناکەوێت بۆ ساخکردنەوەو خستنە رووی کۆی گشتی ئەو هەموو رەهەندە تێکەڵ وتێکچڕژاوەی پێرفۆرمەنس. دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەودۆخە ئەوەیە بەردەوام باکگراوند و زەمینە سازی بەرلەخودی نمایشەکان پەیوەندییەکی توندو راستەوخۆیان بەچرکەساتی نمایشەکانەوە هەبووە، لەپاڵ هەموو ئەودۆخە تایبەتانەی چرکەساتی پێرفۆرمەنس خۆی. بێرنارد سێف جەخت لەوە دەکاتەوە "پێرفۆرمەنس داهێنانە و تەواوکەری داهێنانیشە لە هەمانکاتدا. بەکارهێنانی زاراوەی (تەواو) ئاماژەیە بۆ ئەو تێڕوانینەی، کە بەرهەمێکی موزیکیی، وەک لە فۆرمی نووسینەوەی نۆتەی نووسراوەو هێشتا تەواونەبووە، وا دەکات بتواندرێت ڕەهەندەکانی هەرپێشبرکێیەکی دووانەی نێوان میلۆدی دانەر و پێرفۆرمەنس، لەبەرژەوەندی پرۆسەیەکی داهێنەرانە و دینامیکی و ئەزموونیی هاوبەشی راستەقینەدا ببیندرێت. کە پێویستی بە لێکدانەوەی موزیکیی وجێبەجێکردن وتێگەیشتن لە زمانی موزیکیی هەیە. ئەوە نموونەیەکی فەلسەفییە ڕێگەمان پێدەدات بەسەر ئەو دووبەرەکییە رواڵەتییەی نێوان دەقی موزیکی ڕەسەن و نمایشەکەو مەبەست و نیازەکانی دانەری میلۆدی وهەستیاری پێرفۆرمەنسدا زاڵ ببین"( عبدون، ٢٠٢٢، ل٦٤).

### ١- مێژووی پێرفۆڕمەنس:

شارەزایانی مێژووی موزیک سالانێکە لەسەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بەوەکردووە بەکارهێنانی ئامرازەکانی دەست و قاچەکانی مرۆڤ، بۆ چەپلە لێدان و ئامرازی دەنگ بۆ فیکەو گۆرانی چڕین لەلایەن مرۆڤەوە، زۆر لەپێش دروستکردن و بەکارهێنانی ئامێرەکانی موزیک بووە. ئەگەر چاوێک بەلاپەڕەکانی ئەو مێژوودا بخشێنین بۆمان روونەبێتەوە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بە قۆناغی سەرەتایی و سەخت تێپەڕیون بۆ پێگەیشتن دروستکردنی ئامێرە سەرەتاییەکانی بەرهەمهێنای دەنگ، "مرۆڤی سەرەتایی هەموو ئەو کەرەستە خاوانەی وەرگرتووەو بەکارهێناوە کە سروشت بۆی دابین کردبوو، پاشان گۆڕیویەتی بۆ شێوە ئامێری دروستکردنی دەنگ ،ئێسکەکان بوون بەفیکە فیک بۆهاوارکردن و بانگەوازی ئاژەلان، گۆشتی گەنی و فڕێدراو بوون بە تەپڵ ونایە، شەیتانۆکەو توێکلەداری کونبووکران بە بووق، قەدی دارەکان بوون بەتەپڵی زەبەلاح، پێستی ئاژەلان کران بە تەپڵ ... " (زاکس ،٢٠١٤، ل ١٢ ).

### ٢- تایبەتمەندیی پێرفۆڕمەنس:

هەموو دانراوێکی موزیکیی بەپێی نەخشە و پلان و مەبەستی دانەریی موزیک و ئەو فۆڕم و چوارچێوەی کە لەلایەن موزیکدانەرەوە دیاری دەکرێت، دەچێتە خانەی شێواز و فۆڕمێک لە فۆڕمە موزیکییەکانەوە. نەخشە ڕێگاکەش روون و ئاشکرایە کە ئایە ئەو موزیکە بۆ چەند ئامێری موزیک نووسراوەتەوە؟ وردەکارییەکانی ناو کارە هونەرییەکە لەرێگەی خوێندنەوە و ژەنین و پێرفۆڕمەنسەوە بەدوا قۆناغی بەرکەوتن وبلاو بوونەوە و نمایش دەگات. بەلام ئایە تایبەتمەندیی و شێوازەکانی پێرفۆڕمەنسی خودی کارە هونەرییەکە چییە و چۆنە؟ بێگومان بۆ وەدەستهێنانی وەلامەکان پێویستمان بە بیستن وتێگەیشتن و شیکاری وردی هەموو بەش و پێکهاتەکانی کارە هونەرییەکە دەبێت هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی، "پێرفۆڕمەنسی موزیکیی (Musical performance) بە جێبەجێکردنی پێکهاتەی موزیک پێناسە دەکات، کە لەلایەن موزیکژەن، گۆرانیبێژ، یان رابەری گرووپێکی (ئۆرکێسترا) پێشکەش دەکرێت. پێرفۆڕمەنس بەواتای ژەنین یان چڕین و جێبەجێکردنی ئەو هێما موزیکییە تایبەتانەی کەدانەری کارە هونەرییەکە نووسیویەتی، بەمانای ئەو هەوڵەش دێت کە جێبەجێکار لەپێناو دەربڕینی ئەوهەست و سۆزانە دەیدات کە نووسەر یا دانەر مەبەستی بووە"( الدارس,٢٠٢١، ل ٢).

### ٣- جۆرەکانی پێرفۆرمەنسTypes of musical performance:

بەشێوەیەکی گشتی لەهونەرەکانی موزیکدا پێرفەڕمەنس بەسەر دوو جۆر دابەش دەبێت:

یەک: پێرفۆڕمەنسی (دەنگ -دەنگیی ): هەموو ئەو فۆرم وچوار چێوە هونەرییانە دەگرێتەوە کە لەرێگەی چڕین و دەنگەگانی مرۆڤەوە نمایش دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە.

دوو: پێرفۆڕمەنسی ( ئامێرەکانی موزیک ): فۆڕمی موزیکیی ئامێریی: پێکهاتەیەکی موزیکییە لەسەر بنەمای فۆڕمی ئامێریی دامەزراوە، واتە ژەنینی پارچە موزیکیی ئامێریی بەبێ بەشدارییکردنی گۆرانی، پێکهاتەی موزیکی ئامێریی جۆری جیاواز و یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیەو هەموو ئامێرەکانی موزیک دەگرێتەوە.

"ئەمرۆ زۆربەی پێرفۆڕمەنسە پلە یەکەکان، لەبەر ئەوەی خاوەن ئاستێکی بەرزو لەرادە بەدەری تەکنیکن، بەشی ئەوە دەکات هەموو ئەو داواکاریانە جێبەجی بکەن کەدەخرێتە سەرشانیان. بەم شێوەیە دەتوانین کارامەیی تەکنیکی بە شتێکی ئاسایی هەژمار بکەین "(حنانا ، ٢٠٠٩، ل ١٩٥) ، لەکاری پیرفۆڕمەنس و تاکژەنیدا، بەردەوام توانا و لێهاتوویی تاکەکان لەخودی کارەکانیان رەنگیداوەتەوە، هەمیشە تاکی داهێنەر و جیاواز پەنجەمۆر و تایبەتمەندییەکانی خۆی لەنمایشەکان بە شێوازی تایبەت دەخاتە روو: "نمایشی تاکەکەسی وەک جەوهەری کەسایەتی پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی توانای موزیکیی و ئاکارو رەوشتە دەروونییەکانی تاک و ئەزموونی تایبەتی لە پێرفۆڕمەسندا. هەر ئەم تایبەتمەندیانەش کارەکتەری ناوازە و تایبەتی بە هەر ژەنیارێک دەبەخشن. خود ئاگایی و ڕەسەنایەتی تاکی ژەنیار وتایبەتمەندییەکانی بەرهەمی موزیکیی لە روانگەی نمایشەوە، جەوهەری کەسایەتی تاکی ژەنیارە نیشان دەدەن"( الدارس، ٢٠٢٠، ل٢ ).

### ٢.٤. موزیکی کوردی Kurdish Music:

مێژووی دێرین و بەرفراوانی دەقی هۆنراوە و گۆرانی میللی و فۆلکلۆری کوردی لەهەموو بەشەکانی کوردستان، لەدەیان سەرچاوە ئاماژەیان پێکراوە. لەو نێوەنەدەدا موزیک و ئامێرەکان لەپاڵ دەنگ و چڕینی گۆرانی و فۆڕمەکانی

دیکەی وەک هۆرە، سیاوچامانە، لاوک، حەیران، بەیت و بالۆرە، لەمێژوویێکی دێرین و کۆنەوە تێکەڵ بەهەردوو رەهەندی ئاین و سرووشتی خاک زمان وداب و نەریتەکانی مرۆڤی کورد بووە."بەشێکی گرنگی جیهانی موزیکی کوردی نەک بەتەنیا میراتگری کولتور و نەریتی رابوردووی ئایینە دێرینەکان بووە، بەلکو بەتێپەربوونی کات و مانەوەی پەیوەندی لەگەڵیان لەناو کایە کۆمەلایەتیەکاندا دەولەمەند ترو گوڕانکاری و نوێبوونەوەشیان بەسەرداهێنراوە"(یاسین، ٢٠٢٤، ل٢٠ )، موزیکی کوردی وەک بەشێک لەو پانتاییە جوگرافی و کولتوریەی پێی ناسراوە، هەم کاریگەری دروست کردووە هەم کارتێکراو بووە. "موزیکی ڕۆژهەڵاتیی بریتییە لەموزیکەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵات، واتە ئەو ناوچەیەی کەجیهانی عەرەبی و فارسەکان و هەندێک لەولاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەخۆدەگرێت. ئەم موزیکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کەجیاوازە لەموزیکی ڕۆژئاوایی کەبێگومان ڕەنگدانەوەی مۆرکی ژیانی ڕۆژهەڵاتیی ئەوگەلانەیە بەجیاوازی کلتوورەکانیانەوە."( غازی؛ عەزیز؛ عبدوڵلا، ٢٠٢٢، ل ١٤٤ )، "زۆربەی ئەو بنەما دیمانەییانەی کەموزیکمەندانی ئیمرۆی کورد لەموزیکی کوردییدابەکاریان دینن، ئەو بنەمایانەن موزیکناسانی فارس، عەرەب و تورک لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، بۆ موزیکی خۆیان و بەپێی موزیکی گەلەکانیان دایان رشتوون. ئەوبنەمایانەش کەلەموزیکی ئەوگەلانەوە دەرهێنراون، بۆ موزیکی کوردیی ناگونجێن. لەبەرئەوەی گەلی کوردیش وەک ئەوگەلانە خاوەنی زمان ،موزیک ،کەلەپور و کلتوری خۆیەتی و وەک چۆن پێویستە رێزمانی زمانی کوردیی تەنیا لەزمانی کوردییەوە وەربگیرێ،ناواش پێویستە دیمانەکانی موزیکی کوردیی تەنیالەموزیکی کوردییەوە دەربهێنرێن "(سەگرمە، ٢٠٠٣، ل٧٩ )، ئەوفرە شوناس وکولتوورەی کە بەناچاری بەسەرهونەرو کولتوری کوردیدا سەپێندراوە لایەنە دروونییەکەی زیاتر ئالۆز کردووە. "بە پێی تیۆری ناکۆکی شوناس (Identity Conflict Theory) ی بێرک (Burke, 1991)، کاتێک تاک ڕووبەڕووی دۆخێک دەبێتەوە کە تیایدا پێویستە لە نێوان دوو یان زیاتر شوناسی ناکۆکدا هەڵبژاردن بکات، دەتوانێت تووشی گرژی دەروونی ببێت. لە کۆنتێکستی موزیکی کوردیدا، ئەم ناکۆکییە دەتوانێت لە نێوان ئارەزووی پاراستنی فۆرمە کلاسیکییەکان وپێویستی گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییەجیهانییەکاندا دەربکەوێ "(رەحیمی،٢٠٢٤)، لەجیهانی ئەمرۆدا توێژینەوە بۆ زۆر رەهەندی دیکەی موزیک کراوە، کە پانتای و پێگەی موزیک زۆر بەرفراونتر دەکات لە پەیوەستکردن ودروستکردنی کاریگەرییەکان بۆسەرتاک و وابەستەکردنی بەجوگرافیاو خاکەوە" کۆهین دەڵێت: "موزیک زۆرجار ڕۆڵێکی ناوازە و شاراوەی هەیە لە بەرهەمهێنانی شوێندا. " بەرهەمهێنانی شوێن لەرێگەی موزیکەوە پرۆسەیەکە بۆچوونی جیاجیای لەسەرە، لەپەیوەندی دینامیکی دوولایەنەی نێوان موزیک وشوێندا، ئەوە دەردەکەوێت کە موزیک ڕۆڵێکی زۆر تایبەت و هەستەکی هەیە لەو پەیوەندییەدا "(Hudson, 2006, p627).

دەولەمەندی و فرەڕەنگی موزیکی کوردی ئەوە دەخوازێت لە زۆر ئاست ولایەنەوە تیشکی بخرێتە سەرو قوڵترو زیاتری لەبارەیەوە بنووسرێت،بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی دەست کەوتوون ژمارەیەک توێژەر، لەئاستی جۆراوجۆرو سەردەمی جیاواز، لەپێگەو روانگەی خۆیانەوە باسیان لە موزیک و سترانی کوردی و سروشتی پەیوەندیی نێوان مرۆڤی کورد و ئەو هونەرە کردووە.بەباشی دەزانین بە هەندێک لەو بۆچوونانەی ئەوان کۆتایی بەو تەوەرە بێنین، "بەڕوونی کورد موزیکێکی جیاوازی هەیە،کاتێک لەگەڵ گەلانی دیکەی ناوچەکەدا بەراورد دەکرێت. موزیکێکە ئاوازەکەی غەمگینە و لەچواچێوەی پەیژە و مەقامی بچووکی (ماینەر) سروشتیەوە، بە فۆرمێکی هارمۆنی و ڕیتمێکی سادە، بەڵام خاوەن دینامیکێکی تایبەتمەند دەناسرێتەوە. کورد هەرچەندە موسوڵمانن، بەڵام زۆر لەژێر کاریگەری نەریتی موزیکی عەرەبیدا نەبوون. جگە لەوەش کورد سەرەڕای ئەوەی سوننە بوون، کە بەگشتی قەدەغەکردنی ئاینی توندتر لەشیعەکان بەسەر موزیکدا دەسەپێنن، بەڵام کورد لەچاو ئازەرییەکان کە شیعەن، ئازادتر موزیک دەژەنن، لەبەر ئەوەی کورد گەلێکی دێرینە ومێژوویەکی دوور ودرێژی بەرکەوتنیان لەگەڵ ڕۆژهەڵات وڕۆژئاواداهەیە. موزیکەکەیان شایانی ئەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری بۆ بکرێت.دەکرێت موزیکی کوردی بەیەکێک لەوکولتوورە موزیکییانە هەژماربکرێت کەنەریتی ئاسیا و ئەوروپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە."( TATSUMURA,1980, p 90–91).

"موزیکی کوردەکان، لەگەڵ سادەییشدا لەلایەنی هونەریی زۆری تێدایە، قووڵ و خەمبارە، گۆرانیبێژ قووڵدەبێتەوە، ئاوازەکان درێژدەکاتەوە،ئیقاعەکان دەگۆڕێ،هەڵبەت بەهەناسەی درێژ وکورت،لەکۆتاییەکەش دەگریێ وهەندێ فرمێسک

دەرێژێ، فراوانی و راشکاویی دەنگیان لەلا گرینگترە لەورد و ناسکی، بۆ ستایش کردنی گۆرانیبێژێک دەلێن: لەدووری چەند کیلۆمەترێک دەنگی دەبیستری. لەڕاستیدا گۆرانی هۆیەکە بۆ شوێن دیاریکردن و خۆناسین بەتایبەتی کە لە ناو چیا ئاوارە دەبن"( عومەر، ٢٠١٢، ل١٣٧)، "کەس زاتی ئەوە ناکا بانگەشەی ئەوە بکات و بلێت ئێل و هۆزگەلی دیکەی هاوشێوەی کورد هەن لەهونەرە دەنگییەکاندا. موزیک هاوەلێکی بەردەوام و دلسۆزە بۆ کورد، هەر لە لەدایک بوونیەوە کورد بە دەنگی موزیک چاوی بەڕووی ژیاندا دەکاتەوە و بەهەمان مێلۆدیش دەمرێت، کورد بەوتنەوەی گۆرانی تایبەت ناسراو بەهۆرە و سیاچەمانە لەگەڵ هەوای سارد و ساردی بەفر، بەدبەختی و یاخیبوون و دەردەدڵی خۆی بەسەر لوتکە سەختەکانی شاخدا هەڵدەڕێژێت" ( ئەکبەر، ٢٠٢٤، ٢٠٢٤/١٢/١٦ https://www.iranchamber ).

## دووەم: چوار چێوەی شیکاری پراکتیزەیی

### شیکاری نمونەیی:


پێکهاتووە لە یەک جۆری میلۆدی بە تەواوی وردەکارییەکانییەوە.

**شیکاری نموونەی توێژینەوە:** لەباری چنینی (texture) موزیکییەوە دانراوێکە لەبۆتەی (کۆنسێرتینۆ Concertino)، بۆ ئۆرکێسترایەکی بچووک و ئامێری(کەمانچە) نووسراوە، لە(٣) سێ جوولەی جیاواز پێکهاتووە. (فۆرم) ی دەرەوەی کارەکە نیشانی دەدات هەر جوولەیەک بەتێما و پێکهاتەی میلۆدی و ڕیتمە جیاوازەکانییەوە هەڵگری ناوەڕۆکێکی تایبەت بەخۆیەتی. ئەو کۆنسێرتینۆیە لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت: جوولەی یەکەم لە پێشەکی (Introduction) و پێشکەشکردن (Exposition) و پەرەسەندن ( Development) و کۆتایی. لەشیکردنەوەدا پابەندی چوارچێوە و پێوەرە دەستنیشنکراوەکانی فۆرمی توێژینەوەکەمان بووین،شیکاریمان بۆ پەیوەندی نێوان ئامێرە بەکارهاتووەکانی کۆی ئۆرکێستراکە نەکردووە، وەک کاریکی زانستی هارمۆنیزەکراو.

### برگە و پێوەرەکان :

### یەکەم: تۆنالیتە و پەیژەی موزیکیی :

لەو کارەدا پەیژەی دیاتۆنیک ( diatonic ) بەکارهاتووە و جوولە و بەشی یەکەمی بەرتەراکی سپیدە لەسەر سکێلی (حیجازکار) دۆ ( C ) بونیادنراوە.




### دووەم: ریتم Rhythm:

**کێش وخێرایی ڕیتم Tempo and Time signature**

**کێشی موزیک :** لەجوولەی یەکەم ڕیتمە سادەکانی simple rhythm ( ٤/٤ ٤/٢ ) و ڕیتمە تێکەڵاوەکانی complex rhythm ( ٨/٦ ٨/٩ ) بەکارهاتوون .


خێرایی، تێمپۆ (Tempo): سەرەتای جوولەی یەکەم تاکو مازوورەی (٣٤) ریتم بەخێرایی.

**Moderato ♩ = ٨٨- ٩٢**

–لەمازورە (٣٤) کێشی ڕیتم دەگۆڕێت بۆ ٤/٢ بەهەمان تیژڕەوی پێشوو. تا کۆتایی ئەم بەشە چەندین جار کێشی ڕیتم بەردەوام لەگۆڕاندایە، بەڵام بەهەمان تیمپۆ.

**پێکهاتە و جۆری ڕیتمەکان Elements and types of the Rhythms**

لەم میلۆدییە موزیکییەدا چەندین جۆر و شێوازی ڕیتمی هەمەڕەنگ بەکارهێنراوە و ئاوازدانەر سەلیقە و لێهاتوویەکی گرنگی بەرجەستە کردووە، هەر یەکەیان گرنگییەکی جیاوازی لەپێکهێنانی میلۆدییەکەدا هەیە.




نموونەی ژمارە (١١) پێکهاتە و جۆرە ریتمییەکان

### سێیەم: میلۆدی Melody :

#### دەنگەواری میلۆدی (Melody range)

- ڕێڕەوی دەنگەواری میلۆدییەکە لە دەنگی ( G3)ی دەستپێدەکات و بە دەنگی (D6) کۆتایی دێت، بەگشتی دەنگەواری بەکارهاتوو بەم شێوەی خوارەوەیە :




#### فۆرم و پێکهاتەی میلۆدی Melode

- شێوازی دروستبوون و دارشتن و پێکهاتەی تیمەکانی ئەو جوولەیە هاوشێوەی فۆرمی ڕۆندۆ( rondo ) شێوازێکی تێکەڵە و بە بیرۆکەیەک دەستپێدەکات و هەردەم لەگۆڕاندایە. ئەو جوولەیە لە(Intro)یەک و بەشەکانی (A,B,A,C,A,D,A) پێکهاتووە. بەگشتی میلۆدی لەگەورەوە بۆ بچووک لەم بەشانە پێکدێت: (پریۆد، دەستەواژە، مۆتیڤ).




**شیکاریی نموونە:** کۆمەڵێک جۆری مێلۆدی لەخۆدەگرێت کە لە پێکهاتەکەدا بەکاردەهێنرێن.

پێشەکی (Intro) تیمی سەرەکی TA:

- لە مازورەی (١-٦٦) موزیک دانەر بە دانانی پێشەکی (Intro) لەرێگەی ئامێرە فودارە تەختەییەکان، مسییەکان، ژێدارەکان و تەواوی ئۆرکێستراوە، پەرەسەندن و ئامادەسازی کردووە بۆ سۆلۆی تاکژەنی ئامێری کامانچە.

**(تیمی Theme B) میلۆدی سەرەکی:**

- لە مازوورەی (٦٧-٧٠) میلۆدی سەرەکی لەرێگەی تاکژەنی کەمانچەوە بەهەمان تۆنالیتە و خێرایی لە میانەیەکی هەشتی تەواو( دۆ٢ – دۆ٣ ) وەک دەستەواژەو پرسیار بیرۆکەوتیمی(TB) پێرفۆرمەنس کراوە، مازوورەی (٧١-٧٤) وەک وەڵامدانەوەی دەستەواژەی یەکەم هاتووە.
- لە مازوورەی(٧١-٨٤) درێژە بە بیرۆکەی سەرەکی دەدرێت، دوای نمایشکردن (Exposition) تاکژەنی و

- میلۆدی لەسەر پلە دەنگی(تۆنیک tonic) بەکەدەنسێکی تەواو جێگیردەبێت، نموونەی ژمارە (١٢)



– لە گەڕانەوە بۆ تێمی( TB) لەمازورەی (٨٥ – ١٠٤) بەگەورەکردن و فراوانکردن و بەستنەوەی لەگەڵ تێمی (TB1 ) دا بەگۆڕانکاریی مەبەستدار لەپێناو پەرەسەندن و گەشەکردن، ڕەوتی میلۆدیی هەمان لاڤاری بەردەوام دەبێت بەشێوەیەکی جیاواز دووبارە دەبێتەوە، نموونەی ژمارە (١٣).



- لەکۆتایی ئەم تیمەدا لەدوو مازووره (١٠٣-١٠٤)زەنگێک دەبیستین وەک ئاماژە بۆ گۆڕانکاری وپەرەسەندنی زیاتر : نموونەی ژمارە (١٤)




- بۆجاری دووەم لە مازوورەی (١٣٠) بە گۆران و پێرفۆرمەنسی پێشەکی (Intro) و بە گەورەکردن و گۆڕانکاری وردی دەنگەکان و بەستنەوەی بە تێمی (B 2 ) تاکژەنی کەمانچە بەردەوامی دەبێت. نموونەی ژمارە (١٥).



### چوارەم : پەرەسەندن و گەشەسەندنی میلۆدی Developing the Melody


- تێمی (TC): لە مازورەی (١٤٩– ١٧٨) لەرێگەی گۆڕینی ڕیتمەکانی (٨/٦، ٨/٩)و گەورەکردنەوە، هەست بە پەرەسەندن و گۆڕانی تێمی میلۆدی دەکرێت و ڕێڕەوی هەڵچوونی دراماتیکی بەروونی دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە، ئەو تێمە زیاتر لەجارێک و دوان بە سکوێنسی جیاواز و گۆڕانکاری وورد لەرەگەزی دووەمی مەقامەکەو، دەنگەواری دوو ئۆکتاف، بە گۆڕانی ریتم دووبارەو سێبارە دەبێتەوە لەسەر هەمان سکێل و مەقام.
- لەکۆتایی لەسەر پلە دەنگی بنکە (تۆنیک) جێگیر دەبێت. نموونەی ژمارە (١٦).




- بەر لەپەڕینەوە بۆتێمی تازە لەمازورەی (٢٤٢– ٢٤٥) دانەر لەسنووری رەگەزی یەکەمی مەقامەکەدا جۆرە سکوێنسیکی جیاواز بەکاردەهێنێت بە گەڕانەوە بۆ تێمی (B2 ) : نموونەی ژمارە (١٧).




- لە تێمی (TD): لە مازورەی (٢٩١–٣٠٠) لەسنووری رەگەزی دووەمی مەقامەکە گواستنەوە و گۆڕانکاری لە مۆتیڤی میلۆدییە سەرەکییەکەدا بەدیدەکرێت، پاشان بەهەمەرەنگ کردن و گواستنەوەی سکوێنسەکانی تێمی (TC1) و گەڕانەوە بۆ بەشی (B) دووبارە گۆڕینی ریتمی میلۆدی بۆ پلە دەنگی تۆنیک دەگەڕێتەوەو جێگیر دەبێت،نموونەی ( ١٨)





- له مازوره ژماره (٣٠٧-٣١٨) بەچڕی سکوێنس بەکارهاتووه، نموونەی (١٩).





- له مازورەی (٣١٩-٣٢٤) دووباره بوونەوەی سکوێنسەکان له ئۆکتاڤێک بەرزتر نموونەی (٢٠)




- له مازورەی (٣٢٥-٣٣٤) دانەر به گەورەکردن و بچوککردنەوه ی میلۆدی، بەردەوامی داوه به جۆراوجۆرکردنی تێمی (TD)، به کەدەنسەی دۆی گەورەش کۆتایی بەو تێمە هێناوه، نموونەی (٢١).




- دانەری موزیک پێش ئەوەی بگات به رستەی داخستن و دوایین کەدەنس، جارێکی دیکه گەڕوەتەوه بۆ بیرۆکەی سەرەکی و تێمی ( TB ) ، لەگەڵ بەکار هێنانەوەی مازوورەکانی (٤٠٨-٤٠٩) وەک ئاماژەیەک بۆ گەورەکردن و پەرەسەندن بەکارهێنانەوەی وەک پردێک بۆ سەرەتای رستەی کۆتایی ئەم جوولەیە. دوای ئەوه لەڕێگەی ئاربێج و دوو میانەی بەدوا یەکداهاتووی (٣) ی گەوره ( $C, A^b$ )جوولەی بەشی یەکەمی بەرتەراکی سپیده بەکەدەنسەیەکی تەواوی ( CM)ی گەوره به ئەکۆردێکی سیانی لەمازورەی (٤١٤) کۆتایی دێت. نموونەی ژماره (٢٢) .




### پێنجەم: تەکنیکی کەوان :

- وەک تێبینی دەکرێت بەشێوەیەکی بەرفراوان لە تاکژەنی ( ئامێری کەمانچە)لە شێوازی تەکنیک و پیرفۆرمەنسی زۆربەی تێمە موزیکییەکانی ئەو جوولەیەدا (کەوانی بەستراو Legato یان Slur ) بەچڕی بەکار هاتووە.

| | |
|---|---|
|  | Legato |
|  | Slur |

### شەشەم : دەربڕینەکان: ( ئۆرنەمێنت و داینامیک )

- داینامیک و ئۆرنەمێنتەکان جوانی زیاتریان بە کرداری پێرفۆرمەنسی تاکژەنییەکانی ئامێری کەمانچە بەخشیوە لەجوولەی یەکەمدا. بەگشتی ئەم ئۆرنەمێنت داینامیکانە بەکارهاتوون :

| | |
|---|---|
|  | ئەچاکەتوورە accaturaacci |
|  | ترێل trill |
|  | سپیکاتۆ spiccato |
|  | مارتیلاتۆ martellato |

### حەوتەم : پەیژە گۆڕکێ Modulation

- لەم جوولەیەدا هیچ پەیژە گۆڕکێیەک لە ڕێڕەوی میلۆدی نەکراوە، میلۆدی بەئامێری کەمانچە لەسنووری هەردوو ڕەگەزی سکێلە سەرەکییەکە خولاوەتەوە.

### هەشتەم : جۆری کۆک :

- هەرچەند لە کۆی گشتی دەقی نۆتەکان هیچ ئاماژەیەک بە شوێنی پەنجەکان نەکراوە، بەڵام بەگوێرەی نەخشی دەنگەواری میلۆدی دەردەکەوێت کۆکی کەمانچە ( سۆل ، دۆ، سۆل ، دۆ ) بێت. کەیەکێکە لە کۆکە باوەکانی کەمانچە.



### ١.٣ ئەنجامەکان:

پشتبەستن بە شیکاری نمونەی توێژینەوەکە، گەیشتن بەم ئەنجامانەی خوارەوە.

1- پەیژەی دیاتۆنیک ( diatonic ) بەکارهاتووە و جوولە و بەشی یەکەمی بەرتەراکی سپیدە لەسەر سکێلی (حیجازکار) دۆ ( C ) بونیادنراوە.

2- (ڕیتمە سادەکانی simple rhythm) ( ٤/٤،٢/٤ ) و (ریتمە تێکەڵاوەکانیcomplex rhythm) ( ٨/٦ ٨/٩ ) بەکارهاتوون. لەم میلۆدییە موزیکییەدا چەندین جۆر و شێوازی ڕیتمی هەمەڕەنگ بەکارهێنراوە و ئاوازدانەر سەلیقە و لێهاتوویەکی گرنگی بەرجەستە کردووە، هەر یەکەیان گرنگی و جیاوازی خۆی هەیە لەپێکهێنانی میلۆدییەکەدا.

3- ئەم کۆنسێرتینۆیە لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت: جوولەی یەکەم پێشەکی (Introduction)، پێشکەشکردن (Exposition)، پەرەسەندن (Development) و کۆتایی. هەر جوولەیەکیش بەتێماو پێکهاتەی میلۆدی و ڕیتمە جیاوازەکانیەوە هەڵگری ناوەڕۆکێکی تایبەت بەخۆیەتی.

4- شێوازی داڕشتن و پێکهاتەی تێمەکانی ئەو جوولەیە هاوشێوەی فۆڕمی ڕۆندۆ(rondo )، شێوازێکی تێکەڵەو بەبیرۆکەیەک دەستپێدەکات و هەردەم لەگۆڕاندایە. ئەو جوولەیە لە (Intro)یەک و بەشەکانی (A,B,A,C,A,D,A) پێکهاتووە.

5- لەو کارەدا پەیژەی دیاتۆنیک (diatonic) بەکارهاتووە و جوولە و بەشی یەکەمی بەرتەراکی سپیدە لەسەر سکێلی (حیجازکار) دۆ ( C ) بنیاتنراوە.

6- دوای نمایشکردن (Exposition) و پەرەسەندن ودووبارە کردنەوەی میلۆدی بەشێوازی جۆراوجۆر، دوا جار میلۆدی لەسەر پلە دەنگی(تۆنیک tonic) بەکەدەنسێکی تەواو جێگیر دەبێت.

7- گۆڕان و پێرفۆرمەنسی پێشەکی (Intro) و بەگەورەکردن و گۆڕانکاری وردی دەنگەکان و بەستنەوەی بە تێمی (B2) تاکژەنی کەمانچە بەردەوامی دەبێت.

8- پەرەسەندن و گەشەسەندنی میلۆدی Developing the Melody

9- پەرەسەندن و گۆڕانی تێمی میلۆدی دەکرێت و ڕێڕەوی هەڵچوونی دراماتیکی بەروونی دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە، زیاتر لەجارێک و دوان بە سکوێنسی جیاواز و گۆرانکاری وورد لەرەگەزی دووەمی مەقامەکە، دەنگەواری دوو ئۆکتاف، بە گۆڕانی ڕیتم دووبارە و سێبارە دەبێتەوە لەسەر هەمان پەیژە و مەقام.

10- شێوازی دەربڕین لە بەشی میلۆدییەکانی ئامێری تاکژەنی لەگەڵ هاوشانی ئامێرە ژێدارەکانی دەردەکەوێت، کە تێیدا کارەکتەری میلۆدی بەهێز بە کۆنتراستە دینامیکییەکانەوە زاڵ بووە (p, f, mf, ff).

11- داینامیک و ئۆرنەمێنتەکان جوانی زیاتریان بە کرداری پێرفۆرمەنسی تاکژەنییەکانی ئامێری کەمانچە بەخشیوە لەم جوولەیەدا.

12- سروشتی میلۆدییەکانی ئەو جوولەیە بە زیاد لە شێوازێک داڕێژراون : وەک پازدان و بەکاهێنانی میانەی هەشتی تەواو، سیانی بچووک ، چواری تەواو، وەک شەپۆڵ و هەڵچوونی زنجیرەی یەک بەدوای یەکی دەنگەکان و هاتنە خوارەوەی پلە بە پلە.

13- لەم جوولەیەدا هیچ پەیژە گۆڕکێیەک لە ڕێڕەوی میلۆدی نەکراوە، میلۆدی بە ئامێری کەمانچە لە سنووری هەر دوو ڕەگەزی پەیژە سەرەکییەکە خولاوەتەوە.

### ٣. ٢. دەرئەنجامەکان:

1- ئامێری کەمانچە لە ناو موزیکی کوردیدا خاوەن پێگەی هونەریی و پەنجەمۆری تایبەت بەخۆیەتی و توانیویەتی لەپێرفۆرمەنسی تەکنیکەکاندا نوێنەرایەتی جوان و تایبەتی میلۆدییە کوردیەکان بکات، چ بەتاکژەنی یاخود بە هاوشانی لەگەڵ گروپی موزیکی بچووک و گەورە.

2- ئامێری کەمانچە یەکێکە لەو ئامێرە ژێدارە کەوانییانەی بەجوانترین شێواز زۆرترین تەکنیک و جوانکارییە هونەرییەکانی ناو میلۆدییەکان بە وەرگرو بیسەرانی موزیکی کوردی بگەیەنێت و خزمەتێکی زانستی و پڕ لەچێژی هونەریی پێشکەش بکات.

3- هەموو ئەو سەرچاوانەی کە ئامێری کەمانچە بۆ میللەتی کورد و دانیشتوانی کوردستان دەگێڕنەوە، نزیکن لەراستیوە، ئەوەش بەو مانایە نایەت کە میللەتانی تر ئەم ئامێرەیان لە ناو کولتور و موزیکی خۆیاندا بەکارنەهیناوە و بەشدار نەبوونە لەپەرەپێدانی لایەنە هونەرییەکانی ئەم ئامێرەدا.

4- ئامێری کەمانچە لەلای میللەتانی ناوچکە لەکۆمەلێک پایتەخت و ناوەندی هونەریی لەقۆناغ و سەردەمی جیاجیا بەپشتگیری و پالپشتی دامەزراوە دەولەتیەکان گرنگی پێدرابێت و گەشەی کردبێت، بەڵام هەرگیز ئەو دۆخە نەیتوانیوە رێگربێت لەبەردەم بەردەوام بوون و دوورخستنەوەو دابڕانی ئەو ئامێرە لە ژەنیارو کولتوری کوردەواری .

5- ئامێر کەمانچە لەلایەن کۆمەڵێک ژەنیاری ناودار و بەتوانا لەچوارچیوەی داب و نەریتی کۆمەلایەتی و ڕێورەسمەکان لە فۆرم و چوارچێوەی هەمەجۆردا لەناو موزیکی کوردی بەکار هاتووە و تاکو ئەمڕۆش بەکاردەهێندرێت.

6- وەک زۆرێک لەئامێرە رۆژهەلاتییەکان، تاکو ئەمڕۆ لەکوردستان و زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە دروستکردنی ئامێرەکانی موزیک چوارچێوەی حەزو ئارەزووی تاکەکانی تێنەپەڕاندوەو نەبۆتە پیشەیەکی سەرەکی و زانستی دامەزراوەکان، بۆیەش زۆربەی ئەو کەمانچانەی دروستدەکرێن ستاندارتی زانستی و هاوبەش نییە لەنێوانیاندا.

7- ئەو ئامێرە تاکو ئەمڕۆ لەلایەن ژەنیارانەوە بە چەندین شێوازی جۆرا و جۆر دەگیرێت و دەژەندرێت.

8- میتود و پڕۆگرامەکانی فێرکاری ئەو ئامێرە لەوڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە.

### ٣.٣ ڕاسپاردە:

1- توێژەران دام و دەزگە هونەرییەکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان رادەسپێرن پەیوەندی هەماهەنگی زیاتر دروست بکەن لەپێناو بووژاندنەوەی ئەو ئامێرە موزیکییانەی تاکو ئێستا لەناوەندەکانی خوێندنی ئەکادیمی لەهەرێمی کوردستان کەمتر تیشکیان خراوەتە سەرو نەخراونەتە چوارچێوەی پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە.

2- ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لەهەرێمی کوردستان رادەسپێرین گرنگی زیاتر بە چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوە ئەکادیمییەکانی موزیک بەگشتی و ئامێرەکانی موزیکی کوردی بدەن.

### ٤.٣ .پێشنیار:

1- پێشنیار دەکەین توێژەران ئەکادیمی لەتوێژینەوەکانی داهاتوویاندا گرنگی زیاتر بەبابەتی ئامێر ناسی و ئامێرەکانی موزیکی کوردی بدەن و لەرێگەی گەڕانی مەیدانییەوە تایبەتمەندیی و جیاوازیی پێرفۆرمەنس و تەکنیکەکانیان لەگەڵ بەش و پارچەکانی دیکەی کوردستاندا ساخ بکەنەوە، بەتایبەتی ئەو ئامێرە موزیکییانەی کە رەگ و مێژوویکی دێرینیان هەیە لەناو کولتورو هونەری کوردیدا.

2- لەبەرئەوەی لە هەردوو بابەتی گرتنی خودی ئامێرەکە و کەوان کێشان لەکاتی ژەنین لێکچوونێکی زۆر لەنێوان ئامێری کەمانچەو ڤیۆلا داگاما هەیە، پێشنیار دەکەین لەو بارەیەوە توێژینەوەی تایبەت و بەراوردکاری بکرێت لەنێوان هەردوو ئامێری ناوبراودا.

### ٣. ٥. سەرچاوەکان

### سەرچاوە بە زمانی کوردی


- أیاکو، تاتسومورا، (١٩٨٩): موزیک و رۆشنبیری کوردی، جەلال زەنکابادي، گۆڤاری کاروان ژمارە(٧٦).
- ئازید، جەلیل، (٢٠١٦): تیۆری موزیک، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
- ئازید، سالار،(٢٠١٤): رۆلی تەکنیک و پێرفۆرمەنس ئامێری ڤیۆلین لەموزیکی کوردی، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە.
- رەئوف، سەلاح، (١٩٨٩): تیۆرەکانی مۆسیقا ، چاپخانەی سومر ، بغداد.
- سەگرمە، ع چ، (٢٠٠٣): لاپەرەیەک لەبنەماکانی موزیکی کوردی، ئینستوتی کەلەپوری کورد.
- عومەر، ئەحمەد موحسین، (٢٠١٢): لێکۆڵینەوە کوردییەکان، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- غازی ئامانج، عەزیز محەمەد، عەبدوڵلا محەمەد، ( ٢٠٢٢): تایبەتمەندییە هونەرییەکانی گۆرانیی وموزیکی کەلەپووری ومیلیی کوردی، گۆڤاری زانکۆی بۆ زانستە کۆمەلایەتییەکان، ژمارە (٥).
- فەقیەزادە، کاوە، (٢٠٢٠): چۆلە چرا، لاپەرە( ٨) چاپی یەکەم، سەقز.

- قەرەداغی، ئەسعەد، (٢٠١٠): فەرهەنگی مۆزیک، چاپخانەی موکریانی هەولێر.
- یاسین، بارزان، ( ٢٠٢٤): بیروباوەری ئایین و موزیک لەکوردستان، چاپخانەی کارۆ سلێمانی.
- یاسین، بارزان، (٢٠١٨): لە ناو میوزیکی کوردیدا سەمبۆلۆژی موزیک بنچەکانی مەقام، پرۆژەی قەفتان، سلێمانی.


## سەرچاوە بە زمانی فارەسی:


- اذرسینا، مهدی، (٢٠٠٧): شیوه كمانچه نوازی،بەشی یەکەم، تهران .
- علی، نیاز صحرا روشن، (٢٠١٨): ابعاد واندازەهای كمانچه شمال خراسان، چاپی پێنجەم، ئیران.
- عەلی، ناجی عەطار، (٢٠١٠): فەرهەنگی گشت گر.


## سەرچاوە بە زمانی عربی:


- بيومي، احمد، (١٩٩٢): القاموس الموسيقى، دار الاوبرا المصرية.
- حسن، نادرة السيد محمد، (١٩٩٧): الطريق الي عزف البيانو، دار الوفاء للنشر والطباعة، القاهرة، مطبعة حلوان.
- الحلو، سليم، (١٩٧٤): تأريخ الموسيقى الشرقية، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، لبنان.
- حنانا، محمد، (٢٠٠٩): ما الذي نستمع اليه في الموسيقا، تر، دار المدى للثقافة والنشر.
- الدارس، نبيل، (٢٠٢١): قضايا أسلوب الأداء على آلات الموسيقى العربية، مؤتمر الموسيقى العربية الثلاثون .
- رشيد، أنور صبحي، (١٩٧٥): الآلات الموسيقية في العصور الإسلامية، بغداد.
- زاكس، كورت، (٢٠١٤): تراث الموسيقى العالمية، تر سمحة الخولي، حسين فوزي، حسام الدين ذكريا، القاهرة.
- الشوان، عزيز، (١٩٧٩): الموسيقى للجميع، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب القاهرة.
- عبدون، المصطفى، (٢٠٢٢): الأداء الموسيقي، مجلة نقد وتنوير، العدد الثالث عشر، السنة الرابعة أيلول، سبتمبر.
- علوان، رائدة احمد عبد الجواد، (٢٠١٣): تطور استخدام آلة القانون في الاردن، بحث منشور، كلية التربية الموسيقية، جامعة حلوان، القاهرة، مصر، مجلة الارنية للفنون، مجلد ٦عدد ٣.
- نبيل، شفيق شادي، (٢٠٢٣): دور آلة الفيولينة في الموسيقى التصويرية عند حسن ابو السعود مجلة علوم وفنون الموسيقى – كلية التربية الموسيقية – المجلد الخمسون.


## سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی


- Houssay, Anne, (2007): VIOLIN STRINGS, SET UP, BOWS AND PERFORMANCE TECHNIQUES , 221 avenue Jean Jaurès Paris
- Hudson, Ray, (2006). Regions and place: music, identity and place.
- John Stainer and William Barrett: A Dictionary of Musical Terms, Published in the United States of America by Cambridge University Press, New York. 2009, pp 348.
- Jones, C. S. (2022). Understanding basic music theory.
- Levy, B. R., & Emmery, L. (2021). Archival research in music: new materials, methods, and arguments. Music Theory Online (MTO): A Journal of The Society for Music Theory, 27(3).
- MADILIAN Gerard (2022). TRADITIONAL ARMENIAN INSTRUMENTAL MUSIC ,P,20,86,87
- Müller-Simonis, P. (1897). Vom Kaukasus zum Persischen Meerbusen: durch Armenien, Kurdistan und Mesopotamien. Kirchheim.
- Schechner, R. (2017). Performance studies: An introduction.
- Schechner, R. (2017). Performance studies: An introduction. Routledge.
- STAINER, JOHN, (1889). ADICTIONARY MUSICAL TERMS-EDITED ,p448, LONDON &- NEW YORK.
- Swinkin, Jeffrey, (2016). Performative Analysis, University of Rochester Pres -668 Mt. Hope Avenue, Rochester, NY 14620, USA.
- TATSUMURA AyAKO 1980. Music and Culture of the Kurds p.90.91. SENRI ETHNoLOGIcAL STuDIEs 5 1980.


## سەرچاوە ئێلکترۆنیەکان:

– https://bradost.net/ferheng/index.php?detail=&nam: تۆڕی وشە پارێزی زاراوە دانان 202/10/15 . .
– https://meadowlarkviolin.com/violinblog 2024/12/5
– https://study.com/academy/lesson/arpeggio - ٢٠٢٤/١٢/٦
– https://violinspiration.com/spiccato 2024/12/6
– مـــــورادی، عەلـــــی ئەکـــــبەر، Kurdish Music, Ancient Heritage of Iranian Music https://www.iranchamber.com/music/articles/kurdish_music_iranian_heritage.php
– ڕەحیمی، مانی، (٢٠٢٤): سایکۆلۆژیای موزیکی کوردی https://www.kurdishtalent.academy/post ٢٠٢٤/١٢/١٥ .

## تقنية وأداء آلة الكمانچة في الموسيقى الكوردية

**نايف محمد احمد**
المديرية العامة للديوان/وزارة الثقافة والشباب
nayfe.ahmed@su.edu.krd

**سيروان محمد مصطفى**
قسم الموسيقى،كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين-أربيل،جامعة صلاح الدين-أربيل،العراق
Seerwan.mustafa@su.edu.krd

**الملخص**
في هذا البحث تم إجراء تحليل دقيق لتقنية وأداء آلة الكمانچة في الموسيقى الكوردية، اعتماداً على مجموعة متنوعة من المصادر، قمنا بدراسة تاريخ آلة الكمانچة بدقة من قبل الشعوب التي تستخدم هذه الآلة، وسعينا لتقديم معلومات دقيقة وصحيحة حول التاريخ العريق لهذه الآلة. ومن خلال الاستفادة من المصادر واللقاءات والمقابلات مع الخبراء المهرة، أشرنا بالتفصيل إلى أبعاد وأجزاء الآلة . حاول الباحثون من خلال اختيار وتحليل نموذج إظهار أسلوب التقنية والأداء الدقيق لعزف الكمانچة، خاصة تقنيات القوس والأصابع، والألحان والإيقاعات، والديناميكية والزخارف. وفي النهاية، من خلال هذه الخطوات العلمية فقط، نصل إلى فهم وإظهار الاختلافات في أسلوب الأداء وقدرات هذه الالة في الموسيقى الكوردية، كل هذه مجتمعة يؤثر بشكل أوضح في كشف إمكانيات الالة ومدى توظيف قدراتها لبناء الموسيقى الكوردية والحفاظ على تراثها. بشكل عام، الهدف من هذه الدراسة هو: إظهار وعرض خصائص وقدرات آلة الكمانچة من الناحية التقنية وتقديم معلومات قيمة حول واحدة من أهم آلات الموسيقى الكوردية، بطريقة تجعلها مصدراً مهماً للموسيقيين والباحثين وأولئك الذين لديهم شغف واهتمام بالمعرفة والعلم حول آلات الموسيقى الكوردية بشكل عام. وفي النهاية نأمل أن تكون هذه المحاولة بداية علمية للحفاظ على هذا التراث الفني وتطويره ضمن إطار علمي معاصر.

**الكلمات المفتاحية** : التقنية، الأداء، الكمانچة، الموسيقى الكوردية.

## Techniques and Performance of the Kamancheh in Kurdish Music

**Naif Muhamad Ahmad**
Ministry of Culture and Youth
nayfe.ahmed@su.edu.krd

**Seerwan Mohammed Mustafa**
Department of Music, College of Fine arts,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Seerwan.mustafa@su.edu.krd

**Abstract**
In this research, we aim to provide a detailed analysis of the techniques and performance of the Kamancha instrument in Kurdish music. Drawing on a variety of sources, we have carefully examined the history of the Kamancha instrument among the nations that use this instrument, and have tried to provide accurate and detailed information about the ancient history of this instrument. Through utilizing sources and conducting interviews with skilled master craftsmen, we have thoroughly described the dimensions and parts of the Kamancha instrument. The researchers have attempted, through selecting and analyzing examples, to present the precise techniques and performance styles of playing the Kamancha, particularly the bow and finger techniques, melodies and rhythms, dynamics and ornamentations. It is only through these scientific steps that we can understand and present the differences in performance styles and capabilities of the Kamancha instrument within the field of Kurdish music. All of these together will have an impact on determining the influence of this instrument on the form and structure of Kurdish music and its role in preserving and developing Kurdish musical heritage. In general, the aim of this research is: to demonstrate and present the characteristics and technical capabilities of the Kamancha instrument and to provide valuable information about one of the most important instruments in Kurdish music, in a way that becomes an important resource for musicians, researchers, and those who are interested in and eager to learn about Kurdish musical instruments in general. Finally, we hope that our effort will become a scientific starting point for preserving this artistic heritage and developing it within a contemporary scientific framework.

**Keywords:** Technique, Performance, Kamancha, Kurdish Music.